ژمارە: ٣١ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١٢ Data:

# بڕیاری ژمارە (٣١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شانزدەیەمی خۆیدا (کۆبوونەوەی ئاسایی) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٣) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٣) ئەندام، بڕیاریدا بە:

بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کەمیی خزمەتگوزاریی و داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لە شوێنە جیاجیاکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن ڕاسپێرران بەوەی ڕاپۆرتی خۆیان لەم بارەیەوە" پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بکەن و،سەرۆکی ئەنجومەن ڕاسپێررا بەوەی بڕیاری پێویست لەسەر هەموو ئەو سێکتەرانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەندکردن لەسەر ئەم ئاستانە:

١. ئەوەی بەپێی یاسا پەیوەستە بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە، بڕیاری پێویست و خێرا بدات و ڕێنمایی پێویست دەربکات.
٢. ئەوەی پەیوەستە بە پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانییەوە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی لەگەڵ ئەم لایەنانەدا جێبەجێیاندەکات و بەدواداچوونیان بۆ دەکات.
٣. ئەوانەی پەیوەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دەستەکانەوە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی ئەم لایەنانە داخوازییەکان بەرزدەکاتەوەو بەدوایاندا دەچێت.
٤. ئەو داواکارییانەی پێویستیان بە بڕیارو یاسای پەرلەمانی کوردستان هەیە، ئەنجومەن پرۆژە بڕیارو یاسا لەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزدەکاتەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە مادەی (٦) بڕگەی (٩) لەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.
٥. ئەو داواکارییانەی پەیوەندییان بە حکومەتی فیدراڵەوە هەیە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و حکومەتی فیدراڵدا، کاریان بۆ دەکات.
٦. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٢) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**